# کتێب : شاری دەستەو تاقمەکان...

## نووسینی :شارام قەوامی

## خوێندنەوەی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

من لە دەستپێکی ئەم خوێندنەوەیەدا، ئاماژە بەدوو نەوەی ئەدەبی دەدەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بێگومان بەلای منەوە، نەوەی کۆن و نەوەی نوێیە، نەوەی کۆن هەندێکیان بە زمانی فارسی دەنووسن، لەوانە (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) کە ئەمیان شاگەشکەیە بە ئیشەکانی بەختیار عەلی، ئەم نەوەیەش گومانی ئەوەی لێدەکرێت زەخیرەیەکی ئەوتۆی رۆشنبیری هەبێت ، بەتایبەتی لەروی رۆشنبیری جیهانیەوەو ئاگاداری مەودا بەرینەکەی بێت، بۆیە شتی بەسەرا تێدەپەرێ، کاتێ ئەشرەفیان هەر لە خۆتەن گوتاردەدات دەڵێ بەختیار عەلی نوسەرێکی جیهانیە، کە خەتەرێکی ئێجگار دروستدەکات نەك لەسەر ئاستی ئەدەبی کوردی ،بگرە لەسەر ئاستی ئەو ئەدەبەش بەزمانی فارسی دەنوسرێت...

نەوەی دووەمیش ، نەوەیەکی نوێ‌و نوێخوازەو ئاگادارە لە دەرەوەو ناوەوەو شتی خراپی بەسەردا تێناپەرێت ، زۆرن ئەوانە، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ناوی دانەری  ئەم کتێبە دەبەین کە ئەویش (شارام قەوامی)یە، بەبێ لایەن گرتن ، ئەوەی من دەڵێم تەنها پەیوەندی بەبابەتی کتێبەکەیەوە هیچیتر....

دوای ئەو هەموو راستیانەی لەم کتێبەی (شارام)دا  هاتوە و چەند نوسینی دیکە سەبارەت بە رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان) کە دەیان کۆری لەسەرگیراوەو دەیان وەزیروگزیری ئەدەبیی سەرسامکردووە، من گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم خەڵکانە هەمووی‌و بەخوێنەرو هوێنەریانەوە ، باشاعیرو ماعیریانەوە، بەچیرۆکنوس‌و میرۆکنوس و نوشتەنوسیانەوە، بەفەیلەسووف‌و مەیلەسوفیانەوە، بەشیخ‌و دەروێش و موریدیانەوە، لەئەشکەوتەکەی برادەرانی ئەشکەوت لە خەوێکی قوڵدان‌و ئەوەی دەیبینن خەونێکی روتەو وهیچی دیکە، بەڵام هەرکە بەئاگادێنەوە دنیایەکی غەریب‌و واقیعانە دەبینن‌و بەدەرە لەو دنیایەی کەلە خەوندا دیویانە، یان ئەوەتا لایەنێکی شاراوە هەیەو ئەفسوونی لەو خەڵکە کردوە ئاوها فریو بخۆن..!!. لەم کتێبەدا ئەوەندەی دڵم بە فرە زەخیرەی نوسەرەکەی کاك(شارام قەوامی) خۆشە، هێندە دڵم بەکەشفە تازەکەی خۆش نییە بۆ رۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)، چونکە ئەم جارە خوێندنەوەکەی جوداترە لەگەڵ خوێندنەوەیەکی دیکەی لەمەوبەری لەسەر رۆمانی(ئێوارەی پەروانە)ی هەمان نوسەر، کە رێك بە رۆمانی(ساڵی بەلوا) ی عەباس مەعروفی بەراورد کردووە، ئەمجارە زانستیانەتر رۆمانەکەی شیکردۆتەوە، هەرچەنێ خۆی بەکتێبی ناودەبات ، لەئاستی خوێندنەوەی خۆی بۆ کۆمەڵێ رۆمان و بەرهەمێکی جیهانی کە چۆن ئەم رۆمانەی بەختیار عەلی چەند لاوازەو چەند کەوتوەتە هەڵدێری بێئاگاییەوە، هەرچەنێ نوسینەکەی(شارام) زیاتر هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەیە  لە زۆر رووەوە، وەکو کەسێتی و تەنکیك و زمان و وەرگرتن‌و گواستنەوەی بێ ئاماژەدان بەسەرچاوەکانی دەقەکە، دیاریشە کاك(شارام) ئەو رۆمانە قەشەنگەی (مکسێنس فێرمین) بەناوی (ویولون سیاه) کەمانچە رەشەکە ،نەخوێندوەتەوە کە چاپی یەکەمی بە فارسی لە چاپخانەی انشارات‌و رۆشنگران‌و مطالعات زنان–تهران دەرچوو، بە کوردیش لە دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم دەرچووە، کاك ئازاد بەرزنجی کردویە بە کوردی ، یان ئەو کتێبەی سەر نوسەری رۆژنامەی(رێبازی ئازادی) کاك(ئەنوەر حسێن) بەناونیشانی (رۆمانێك لە گفتوگۆدا)، بەهەرحاڵ ئەمەیان دیارە کاکە(قەوامی) دوور لەم دوو کتێبە ئیشیکردوە، ئیشێکی فرە جوانتر و تۆکمەتر و رەوانتر، وەکو رەخنەزانێك‌و رەخنەسازێکی کارمەو لێهاتوو، لە هەموو لایەنەکانەوە رۆمانەکەی خستووەتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو شکستی ئەم رۆمانەی خستوەتەڕوو، لەکتێبەکەیدا هەر لە لاپەڕە(4)دا پرسیاری مەنتقی دەکات لەلای خۆیەوەو دەنوسێت:(پرسی یەکەمی دەق لەو کاتەوە سەرهەڵدێنێ وا جەلادەت لە تەمەنی هەشت ساڵاندا لەدراوسێیکیماڵیانەوە فلوتێکی پێئەگات‌و دەستبەجێ ئاهەنگێکی سیحراوی لێئەدا، جەلادەت چۆن فێری ئەم مۆسیقایە ئەبێ؟)، نوسەر هێندێ وەڵامی گریمانانەی بۆ بەختیار عەلی داناوە کە من بەدڵم نییەو لەگەڵیاندا نیم، چونکە ئەسڵەن خەتاکە هی بەختیار عەلی نییە وەهای کردووە، بگرە بەر لە ئەو ئەم ئیشە نوسەری فەرەنسی زمان(مکسێنس فێرمین) کردویەتی لەرۆمانەکەیدا(ویولون سیاه) کەمانچە رەشەکە، بابزانین لە وەرگێڕانەکەی کاك ئازاد بەرزنجی چۆن هاتوە:(یوهانز  هێشتا تەمەنی پێنج ساڵان بوو کە عیشقی بۆ کەمانچە تیارسکا، بەیانیەکی هاوین لە باخەکانی تویلیری کەمانچەژەنێکی قەرەج بڕێك شادمانی پێبەخشی و بۆ هەمیشە ژیانی ئەوی گۆڕی)ل14...

(لەراستیدا یۆهانز مامۆستایەکی تایبەتی نەبوو، گەرچی چەند پەروەردەکارێك ئەویان فێری بنەماکانی ژەنین کردبوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە

خۆی دەستی بە ژەنین کردبوو، هەڵبەت ئەو تەنها بەمەبەستی چێژوەرگرتن لە خودی ژەنین، مۆسیقای دەژەنی، دیاربوو کە ئەم منداڵە قوتابیەکی ئاسایی نییە، ئەو گەرچی شوێن پێی شێوازی مامۆستاکانی هەڵدەگرت ولاسایی دەکردنەوە، بەڵام خۆیشی ژەنیارێکی شایستە بوو، لەبەرئەوەی تەواوی ئەو ئاوازانە لەسەر پەنجەکانیەوە نا، بەڵکو لەناخی دڵیەوە سەرچاوەیان دەگرت)ل18...

یان لە لاپەڕە (21)دا هاتوە:(کۆمەڵێك کۆنسێرتی بێشوماری دی هاتنە پێشەوەو لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی کەمانچە ژەنە لاوەکە دونیای گرتەوە، لەتەواوی هۆڵەکانی پاریسدا پرسیارێك کەوتبووە سەر زمانی خەڵك: یۆهانز کارلسکی، ئەم منداڵە سەیرو سەمەرەیە کێیە؟). دیارە کەمانچە لەرۆمانەکەی بەختیار عەلیدا بوەتە فلووت و کابرای قەرەجی کەمانچەژەنیش بوەتە مامۆستا (سەرمەد تایر).

یان نوسیویەتی:( نوسەر سەبارەی بە جەلادەتی دە دوازدە ساڵ تەمەن ئەڵێ: زۆربەی ئامێرەکان فێربوو، شەوو رۆژ لە تۆمارێکی بچوکەوە گوێی لە سۆناتاو سەمفۆنیاکانی دونیا دەگرت، بەبیستن دەیتوانی هەموو مۆسیقارە گەورەکانی دونیاو ئاوازەکانیان لە دورەوە بناسێتەوە).

دەبا بزانین (فێرمین) لەرۆمانەکەی خۆیدا چی نوسیوە:(ئەو خاوەن سەلیقەیەکی خۆرسك بوو هەر پارچە ئاوازێکی بویستایە دەیژەنی، ئەو بەرادەیەك دەرەقەتی قورسترین سیمفۆنیاکان دەهات کە گوێگرەکانی خۆی دەخستەجۆش و خرۆشەوە، تەنانەت ئەوانەش کە لە توانایاندا نەبوو پەی بە وردەکارییە جوانەکانی کارەکەی بەرن، خۆشەویستی یۆهانز بۆ کەمانچە ، لەعیشقێکی شێتانە دەچوو، ئەو تەواوی کاتەکانی بێداریی خۆی، هەر لەسپێدەوە تا ئیواریێ بۆ هونەرەکەی تەرخاندەکرد، هەندێجار بەرادەیەك سەرمەستی کارەکەی دەبوو کە سەرتاسەری ئەو رۆژە بەچاوی نوقاوەوە دادەنیشت و لەنێو خۆی و ئاوازی مۆسیقادا نوقم دەبوو)ل 13.

شارام دەڵێ کە مرۆڤی کورد وەکو هەر مرۆڤێکی کۆمەڵگای کیشاوەرزی کە ئاشقی مەقامە چۆن چێژ لە مۆسیقای لودویك جەلادەت وەردەگرێت و پێی سەرسام دەبێت، بۆیە یەکەم پرسیار کە لە دەقی رۆمانەکە دەکرێت بێ وەڵامە، چونکە نوسەر هیچ ئاشنایەتیەکی لەگەڵ مۆسیقا نییە، یان پرسی ئەوە دەکات بۆچی حیکایەتخوان(شەرەفیار) ئەم هەموو ناوە زەبەلاحانەی هێناوەتە ناو رۆمانەکەوە، ئەگەر بهاتبا شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵلای بهێنایەتەوەو خەڵکی پی سەرسامکرد بایە لە جیاتی ئەوەی ئەو ناوە زەبەلاحانەی هێناوەتەوە بەبێ هیچ پاکانەیەك.

لەجێگایەکی دیکە رەخنەگر پرسێکی دیکە دەکات:(چلۆن جەلادەت و دوو دۆستەکەی بە مۆسیقا خەڵك چاك ئەکەنەوە؟) ئەمەشیان لێرەدا خەتای بەختیار عەلی تیا نییە، چونکە(فێرمین) دیسان لە رۆمانەکەی خۆیدا ئاوهای کردووە:( هەندێجار شەوانە یۆهانز دەستی ئەدایە کەمانچەکەی و ئاوازێکی بۆ هەڤاڵەکانی دەژەنی، بەتایبەتیش بۆ برینداڕەکان وئەوانەی لە سەرە مەرگدا بون... بەڵام جاری وابوو ئازارەکە بەرادەیەك بوو کە تەنانەت مۆسیقاش لە ئاستیدا هیچی پێنەدەکرا ...لەدڵی خۆیدا وتی لەوانەیە مردوەکانیش لەنێو تاریکیی مەیدانی شەڕەکەدا لە توانایاندا بێت دەنگی ئاوازەکەی ئەم ببیستن)ل40.

یان کاك(شارام) پرسیارێکی دیکە دەکات و نوسیویەتی(کەسێك کە گەورەترین ئارەزووی مۆسیقایەو لە هەشت ساڵانەوە، واتە دە ساڵ لەژیانی تەرخانکردووە بۆ مۆسیقاو فلوتێکی وا ئاسمانی ئەژەنی، جەلاد ئەکاتە پەپوولە، چلۆن رازی ئەبێ واز لە مۆسیقا بێنێ؟) وەڵامی ئەم پرسیارەش لە رۆمانەکەی(فێرمین)دا هەیە دیارە کاکە(شارام) ئەم رۆمانەی نەخوێندوەتەوە، بۆیە ئەم پرسیارە دەکات، ئەگەریش خوێند بێتیەوە دیارە پرسیارەکە ئاڕاستەی(مکسێنس فێرمین)دەکات لەرێگای بەختیار عەلییەوە؟ وەڵێ بەرهەر حاڵ بابزانێن (فێرمین) چیکردووە لەگەڵ(یوهانز کارلسکی)دا:(ئاهەنگەکانی خۆی کەمکردوەوەو بەتەنها جار بە جارێك ئاهەنگی پێشکەشدەکرد، تەمەنی بوو بوو بە حەڤدە ساڵ و گەرچی هێشتا مۆسیقای جوانی دەژەنی، بەڵام ئاوازەکانی ئەو جۆش وخرۆشەی جارانیان نەمابوو، زۆری نەخایاند خەڵك ئەو منداڵە بلیمەتەیان بیرچووەوە کە روناکێکی چاوی بنەماڵە شاهەنشاییەکان بوو، رۆژگارێکی سەخت هاتبووە پێش و باسی شۆڕش کەوتبوە سەر زمانان ، خەڵکی بە زەحمەت پارویەك نانیان وەچنگ دەکەوت و مۆسیقابوە دوا شتێك جێی بایەخیان بێت..)ل25.

دیاریشە جەلادەت بۆیە واز لە فلووت ژەنین دەهێنێ بۆ نان پەیاکردنە...، یان لەلاپەڕەی (27)دا دەڵێت:(چاو خشانێکی خێرا بەسەر ئەم دەقەدا ، کۆمەڵێ مرۆڤی خاوەن کێشەمان ئەخاتە بەرچاو کە هەر هەموو لەبەرەی جوانیدا جی ئەگرن، کێشەی ئەم کەسانە کە ریزێکی دورودرێژن(ئیسحاقی لیۆزێرین، جەلادەت، سەرهەنگ قاسم، شارۆخی شارۆخ، موسای بابەك، جەلیلی باران، موحەمەدی فێردۆسی جەمیلی پڕوشەو..) لەگەڵ کۆمەڵگا روانینی جیاوازە بۆ جوانی و هونەر ، ئەم دەقە دیان بەوەدا ئەنێ کە کۆمەڵگا بەدوای جوانیدا ئەگەرێ، بەڵام گرفتی ئەم کەسانە ئەوەیە بڕوایان بەو پێناسەو پێودانگانەی وا کۆمەڵگا لەرێگەیەوە جوانی ئەنرخێنێ نییە).

لێرەدا رەخنەگر باس لە گرفتی ئەو کەسانەی ناو رۆمانەکەیە کە بەرەیەکن دوای هونەرو جوانیەك کەوتون جودایە لەو هونەرەی کە کۆمەڵگا پێی خۆشە و لەبەرامبەر مۆسیقای نزمی باوی کۆمەڵ دەوەستن و بەدوای مۆسیقای وەکو هی مۆزارت و بتهۆڤن و هایدندا دەگەڕێن، بۆیە لێرەدا

ئەم گرفتە لە کوێوەوە سەریهەڵداوە ئایا لە کەسێتی کەسەکانەوە یان لە کەسێتی نوسەری ڕۆمانەوە؟ دیسان ڕەخنەگر دەپرسێت کە(جەلادەت) چلۆن فێری مۆسیقا بوو، وەکو لەمەوبەر وتمان خەتاکە هی بەختیار نییە بگرە خەتای(فێرمین)ە کە کەسایەتیەکی منداڵی مۆسیقازانی بلیمەتی وەکو(یوهانز کارلسکی) هیناوەتەکایەوە...

لەشوێنێکی دیکە ئەمەی نوسیووە:((لە هەموو ئەو لاپەڕە بێ ئەژمارانەی سەبارەت بە مۆسیقای موزارتی ڕەش کراونەتەوە نەك هەریەك دێریش پەیوەندی بەو چەشنە مۆسیقایەوە نییە، تەنانەت باس لە هیچ چەشنە مۆسیقایێکیش ناکەن و وەك کراسی سەوز وان و بۆ شایی و شیوەنیش ئەشێن، دوور نییە لە ڕۆمانێکی دە هەزار لاپەڕەیی تردا هەر ئەم قسانە لەسەر میهرەبانی، بەخشندەیی ، وەرزش و هتد ببیستینەوە، خوێنەر حەقیەتی بپرسێ ئەم هەموو ناوە بێ ئەژمارانە چین لە دەقەکەتدا هێناوەتە کە جگە لە تۆقاندنی خوێنەری ساویلکەو ترسنۆك هیچ کاریگەرێکیان نییە، نوسەر ئەتوانێ بڵێ من ئیشم فێرکردنی مۆسیقا بەخەڵك نییە، ئەمە وەڵامێکی ڕاستە، بەڵام بە پرسیارێکی تر ، پرسیاری خوێنەر زۆر سادەیە، تۆ باسی دار ئەکەیت و لە دیوار ئەدوێی،ئەو مۆسیقایەی تۆ ئەتەوێ بەناوی مۆزارتەوە بیفرۆشیتەوە بە ئێمە لە شمشاڵەکەی(قالەمەڕە) هیچی تر نییە)).

لێرەدا گرفتی خوێنەری کوردو ڕۆشنبیریی کورد دەستپێدەکات، ئەم ڕۆمانە لە بری چاپکردنی لە چاپخانەی (ڕەنج) لەسلێمانی پارەیەکی قەبەی پێدراو ڕۆژنامەی هاوڵاتیش ریکلام و پڕوپاگەندەیەکی زۆری بۆ کرد دواجاریش نرخێکی گرانیان لەسەردانا(15) هەزار دینار، ڕۆژنامەی (هاووڵاتی) هێندە مەسەلەکەی جۆشان و خرۆشان و دواجاریش کۆڕێکی فراوانی بۆ بەست لەسلێمانی ، بێگومان هاووڵاتی و ڕەنج دوو دەزگای سەر بەیەکن و ریکلام و دیعاییەکی زۆر بۆ بەختیارو نوسینەکانی دەکەن، لێرەشدا خوێنەر سەرسام دەبێت و دەپرسێت ئەم ماستە مویەکی تێدایە!، بێگومان ئەو خوێنەرەش چون بەپیری ئەم ڕۆمانەوەو شاگەشکە بوون پێی ، خوێنەری ساویلکەو ترسنۆك و بەبێ هیچ باکگراوندێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ کە تۆ بتوانیت هومێدت پێی هەبێت، ئەو خوێنەرەی ئاگای لەو هەموو نوسینانە نییە کە لەسەر بەختیارو بەرهەمەکانی نوسران و بەدز ناوەزەدی دەکەن، ئیشێك نییە دوان نییە، هەر لە ڕۆمانی(مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانەو دواهەمین هەناری دونیا و شاری مۆسیقارە سپیەکان) کە ئەو نوسینانە دەریدەخن ئەمانە هیچ فرێکیان بەسەر بەختیار عەلی یەوە نییە و سەرومڕ وەرگیراون، مەسەلەی (ئیسحاقی لێو زێرین، ئەگەر هەچ کەم وکوڕیەکی هەبێ لەم ڕۆمانەی بەختیار عەلیدا پەیوەندی بە ڕۆمانی (ویولون سیاه)، کەمانچەڕەشەکەی (فێرمین)ەوە هەیە، کە ئەویش کەسێتیەکی وەکو ئیسحاقی هەیە بەناوی (ئیراسمۆس)ەوە کە مامۆستای کەمانچەیەو هەروەها کەمانچە شازیشە لەڤینیسیا چاوی بە(یوهانز کارلسکی) دەکەوێت:(ئیراسمۆس ژیانێکی سادە دەژیا، پێداویستیەکانی زۆر سنوورداربون ، لەراستیدا جگە لە مۆسیقا پێویست بەشتێکی تری وانەبوو، زۆری نەخایاند عەوداڵی هاوڕێیەتی یوهانزبوو)) کەمانچە ڕەشەکە ل 51.

بێگومان لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) یشدا ئیحساقی لێوزێرین دوای ئەوەی تێئەگات کچەکەی حەزی لە مۆسیقا نیە و ژنەکەیش دژایەتی لەگەڵ دەکات ئەم کێشەیە ئەبێتە هۆی دۆڕاندنی ژن و کچ و ماڵەکەی و تەنیا دەمێنێتەوە، ئیراسمۆسیش بە تەنیا لە کۆشکێك لە ڤینیسیا دەژێ، کەشاری تەپووتۆزە زەردەکانیش زۆر نزیکە لە ڤینسیا، ئیسحاقی لێوزێرین دوو منالی مۆسیقار دەدۆزێتەوەو دەیەوێ لەرێگای ئەمانەوە قەرەبووی ناکامی خۆی بکات، هەردوکیانیش مۆسیقارن و مۆسیقای ئەسمانی دەژەنن هەروەکو (یوهانز کارلسکی) ئەوەتا ئیسحاقی لێو زێرین دەڵێ:(بەخێربێن بۆ شاری ئێمە ، بەخێر بێن بۆ شاری مۆسیقارە سپییەکان) ل192.

ئەوەتا "ئیراسمۆسیش دەڵێ":(بەخێرهاتیت بۆ وڵاتی مۆسیقا، بەخێر هاتیت بۆ ماڵەکەی ئیراسمۆس)ل20...

لەشوێنێکی دیکەی کتێبەکەدا ئەمە دەنوسێت:(جاخۆ ئێمە دەیان کەسی خراپ ئەبینین وبەدرێژایی ڕۆمان بەختیار عەلی جنێویان پێئەدات، لەوانە من و سەدام وهێندێ سەرکردەی نا پیاو.. بڕوانن بۆ لاپەڕەی (494) لە زمانی مستەفای شەونمەوە:(( وەڵێ من سیاسییەکی لووت قولاپی دەناسم، باریکێکی قژ ڕەشە کە قسە دەکات دەنگی لە دەنگی قەحپە دەچێت )) بێگومان زۆر کەس ئەم سیاسیە دەناسێت، بەڵام (شارام) دەپرسێت:(ئایا لەساڵی 92،93دا ئەم کەسە خاوەن قورساییێکی وابوو خەڵك لێی بترسن و جنێوی بدەنێ؟).

بێگومان ئەم جۆرە جنێوانە شتێکی ئاساییە لەلای ڕۆماننوس و هاوڕێکانی ، نامەیەکی بەختیار عەلی هەیە بۆ (یاسین بانی خێڵانی) وەك لەڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە سلێمانی دەردەچێت بڵاوبوەوە، گەلێ جنێوی ناشیرین وەقێزەوەن بەیاسین دەدات لەبری ئەوەی کاتی خۆی (بانی خێڵانی) لەسەر زمانی نوسینەکانی بەختیار قسە کردبوو، هەروەها قسەی ناشیرینی بە چیرۆکنوس (محەمەد فەریق حەسەن) کردبوو، بۆیە بەختیار عەلی لە زمانی کەسێتەکانی ڕۆمانەکەیەوە جنێوی بە زۆربەی سیاسیەکانی کورد دەدات و ناشیرینی کردنی ئەزمونی کوردستان و هەموو کەسی پێ خایەنەو بەتەنها خۆی سەدام بەزێن بووە... لەلاپەڕە (41)دا (شارام) ئەمەی نوسیوە((کێشەی ئەوەڵ و ئاخری دالیا،

خۆشەویستیە، سەرەتای ئاشنایەتی ئێمە لەگەڵ دالیا ئەو کاتەیە وا براکانی ئاگاداری پەیوەندی دڵدارانەی ئەبن لەگەڵ کورێکی عەرەبدا، لێرەدا بەقەسدی کوشتن ئەیخەنە نێو بیرێکەوە، بەڵام چەن پیاو دەری دێنن و رزگاری ئەکەن، وەك ئەبینن ئاماژەیە بۆ چیرۆکی یوسف... سەیرە نوسەر تەلمیحی لەباتی کردەوەی درامایی بەکارهێناوە لەم دەقەدا لەچەند شوێندا ئەم هەڵەیە دووپات بۆتەوە، بۆ وێنە لاپەڕەی 321 کە لە خاچدانی مەسیح لەباتی کردەوەی درامایی نیشتوە،یان لەلاپەڕەی 493دا حیکایەتی هەورەکانی سەرسەری موحەمەد ، بەبێ هیچ ئاماژەیەك بەقەرز وەرگیراوە (کەمن دەوەستام باڵندەکان بەسەر سەرمەوە دەوەستان، کە دەرۆیشتم لەگەڵما دەرۆیشتن))..(( دالیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی لەشی خۆی هەراج ئەکات)).

ئەم کەسێتیەی (دالیای سراجەدین) دیارە لەرۆمانی (چاوەکانی) بزورگی عەلەویدا هەیە بەناوی (فەرەنگیس) لەرۆمانەکەدا چەندین جار لەگەڵ سەرهەنگ (ئاوا) دادەنشێتوئامادەیە لەگەڵی رابوێرێت و تەنانەت شویشی پێبکات، بۆئەوەی مامۆستا(ماکان)ی خۆشەویستی لەزیندان ئازاد بکات، هەروەها (دالیا سراجەدین) یش لەگەڵ هەموو بەعسیەکان دەخەوێت و رادبوێرێت بۆئەوەی (باسم جەزائیری) خۆشەویستی بەرەڵا بێت، شتێکی دیکە لەرۆمانەکەی بزورگی عەلەویدا تابلۆی چاوەکانی بابەتی سەرەکی رۆمانەکەیە لەرۆمانی(شاری مۆسیقارە سپیەکان)دا زۆر نهێنی لای دالیا سراجەدین هەیە دیارتریان تابلۆکەو فایلەکەی باسمی جەزائیری(شارام) لەلاپەڕە (24)دا ئەمەی نوسیوە:(وەك پێشتریش لە وتارێکی تردا لەسەربەختیار عەلی باسم کرد نوسەر بەخۆبەستنەوە بە روکەشەکانی ژیانەوە، بەباسکردن لە شتە بەرچاوەکان و ئەو تەسەورە روتانەی هەوڵ ئەدا وەك خەون و خەیاڵ پێمانی بفرۆشێتەوە، بەردەوام خۆی لە قوڵاییەکان ژیان ئەدزێتەوە، لەبەرئەوەی لەو شوێنانەدا پرس پرسی بەدواوە ئەبێتو وەڵامدانەوە بەم زنجیرە پرسانە کاری نوسەرێکە لەدەقەکەی خۆی بە خاوەن دەرکەوێ، بەختیار وەك قوتابێیکی کروچە زۆر خراپ لە مامۆستاکەی تێگەیشتوە)).

شتێکی دیکە هەیە لەشاری مۆسیقارە سپیەکاندا کە ئەویش بونی سێ شتی گرنگە لەلای جەلادەت(نهێنی جەلادەتو دالیا، باڵدارە خورافیەکان ، هاواری سەیر))، لەرۆمانی (کەمانچە رەشەکە، سێ شتی گرنگ هەیە :( تەختەیەکی شەترەنج ، بوتڵێگ گراپا، کەمانچەیەکی رەش، بێگومان ئەمەیش لەلای "ئێراسمۆش" کەلەرۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان دەکاتە"ئیسحاقی لیۆزێرین" یان دەڵێ کەسێتی (شاناز سەلیم) کە سێتتێیکی وەکو کاتیای ناو رۆمانی (براکانی کارمازۆف*ی دۆستۆیفسکی یە، (( کەدیارە لە دەقەی بەختیار راستەوخۆ ئاماژە بە رۆمانی براکانی کارامازۆرفو کاتیا نەدراوە، بەڵام هاوچەشنی کاتیاو ئەو کەسێتیەی نوسەر ئەیهەوێ لەشاناز سەلیم دروست بکات هێندە زۆرە، ئەو باوەڕەمان ئەداتێ ، کە ئەگەر نوسەر رۆمانە درودرێژەکەی داستایوڤسیکی نەخوێندبێتەوە لانیکەم فلیمە سێ سەعاتییەکەی بینیوە))ل46...

یان لە مەسەلەی شێوە دەنگ لەو رۆمانەی بەختیار ئاوها دەنوسێت:( لەم دەقەی بەختیاردا زۆر زەقتر لەوەیە پێویست بکات ئاماژە بە شتە وردەکان بدەین، ئەم دەقە نمونەی تەواوی دەقێکی تەك دەنگو بێ لەحنە، کەمتەرخەمی وا سەبارەت بە زمان تەنانەت لەنوسەرێکی کوردیش چاوەڕوان ناکرێت، نوسەر لەم دەقەدا دەستی داوەتە هەندێ گەمەی وەك چەن روایەتی کردنی دەقەکەی ، بەبێ ئەوەی خۆی بەهیچ هەوڵێکی زمانییەوە ماندوو کردبێ، لەهەر کوێی رۆماندا، روایەتی عەلی شەرەفیار بێت، یان جەلادەتی کۆتریان مستەفای شەونم، یان دالیا و موسای بابەك، هەر لاپەڕەیەك هەڵبدەنەوە بێ شك هەریەك زمان ئەبیننەوە، هەر هەمان زمانی وا بەختیار عەلی دەقی فەلسەفی و رۆمان و شیعرو هتدی پێ ئەنوسی...))ل49. ئەی کاك(شارام) ئیدی کاك شێرکۆ بێکەس لەسەر چ بنەماو قەناعەتێك شاگەشکەی ئەم دەقەبوەو دەڵێ:(شاری مۆسیقارە سپییەکان ئەوەندەی من هەستی پێبکەم بەتانو پۆی شیعرو مەنتیق چنراوە، ئەگەر تامو خەونی سحر ببینیت ئەوا کۆی واقیعی ژیانی رۆژانەو کارەساتە تراژیدیەکانە،ئەگەر بەوردی بەدوای نهێنیەکانیدا نەگەرێیت ناتوانین نەلەرۆحو نەلە جەستەی رۆمانەکە بگەین، 16 ساڵ لەمەبەر دوا بەدوای دەرچونی " گوناح و گەر نەڤاڵ" لەو جیلە بوون کە خۆم پڕ بەدەم هاوارم کرد، هونەرێکی گەورە لە دایك بوو)؟!.

ئێمە لێرەدا دەتوانین دەیان نیشانەی سەرسوڕمان دابنێین بۆ ئەم قسە گەورە بێ بنەمایەی کاك شێرکۆ بێکەس ، وابزانم ئەو هاوارەی کاك شێرکۆ ساڵی 92 یان 93 بوو لەستونێکی رۆژنامەیەك لە هەولێر بڵاوبوەوە، هیچ خوێندنەوەیەکی ئەقڵی تیانەبوو جگە شاگەشکەبووەن بە هەندێ دەقی شیعری خەڵکی دیکە کە کاك شێرکۆ لەوەوبەر بەرچاوی نەکەوتبون، تۆبڵێی کاك شێرکۆ دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبەی تۆیشو لەوەبەریش ئەو نوسینەتی خوێندۆتەوە دەربارەی رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، هێشتا هەربڵێ(بشفرێ هەر بزنە)؟! ئەم قسەیە تەنها ئەو ناگرێتەوە بەڵام ئەو وەکو نمونەی برادەرانی کەلەسەردەم لەگەڵیدا کاردەکەنو بەدەرنین لەم کارەساتە، یان لەلاپەڕە(51)دا شارام نوسیویەتی(لەم دەقەی بەختیار عەلیدا هەموو دەنگەکان یەك دەنگن پیاو بن یان ژن، دکتۆر بن یان گەواد، عەرەب بن یا کورد..) ، ئەی ئیدی ئەو هەموو قسە بێ سەروبەرو پیا هەڵدانە بەلاشانە چین کە لە کتێبی (رۆمانێك لە گفتوگۆدا) هاتوە، پییان وایە هەنگیان لە کلۆری داردا

دۆزیوەتەوە؟!

یان بابزانین چۆن شارام ئاوێنە دەداتە دەست نوسەرەوە بۆئەوەی حەقیقەتی تواناکانی خۆی ببینێ و نوسیویەتی:(ئەم روایەتە سەیرو سەمەرانە خوێنەر ئەخاتە گومانەوە لەوەی نوسەر کتێبێکی لەسەر گۆشەنیگا خوێندبێتەوە، کوڕێ ئێوارە بەپیاسە ئەرواتە دەرێ، کەچی بەشی مانگی شت ئەبینێ، خۆزگە نوسەر ئەوەندە بەرامبەر بە دەقەکەی خۆی کەمتەرخەم نەبوایا بار رەخنەگر ناچار نەبێ ئەلفۆ بێی نوسینی داستانی فێرکات...ئەوەی ئەگێڕدرێتەوە زۆر دورە لە روداوە کەسێتیەکان نوسەر لەباتی پێشاندانی کەش‌و هەواکان... لەبری ئەوەی خوێنەر بباتە ناو دەقەوە، لە باتی ئەوەی فەزاێیکی داستانی سازبدات‌و بزوتنەوەی مرۆڤ و پاڵو کەسێتیەکان لەم فەزایەدا پیشانبدات، لە دورەوە حیکایەتیمان بۆ ئەگێرێتەوەو حیکایەت بیستی کوردیش ئەبێ چاوی خۆی لێ بنوقێنێت‌و گوێ بگرێ...)ل63.

ئەی ئەوە نییە رۆژنامەنوسێك هێندە شاگەشکەیە دەڵێ:( بەختیار عەلی لەئێوارەی پەروانەوە بەدوای فەراغی روحیدا دەگەرێت‌و زیاتر لە دیوانی ئیشکردن لەدارستانەکانی فێردۆسدا زیاتر دەردەکەوێت و لەشاری مۆسیقارە سپیەکاندا دەگاتە کۆتا پلە..!! نازانم ئەم خەڵکە ئەم قسە گەورە بێ سەروبەران لەکوێ فێربوون و چۆن گەیشتونەتە ئەم قەناعەتە یەکلاکەرەوەیە؟!

یان لەلاپەڕە(79) دانوسیویەتی:( لەم دەقەی بەختیار عەلیدا نەك هەر زۆرێك لە شت‌و کەسەکان نرخی وایان نییەو بەئاسانی ئەکرێ لابرێن، بەڵکو و تەنانەت ئەو شتانەی نوسەر خۆیشی لەدەیان شوێندا باسی لێکردوون و ویستوشیە گرنگ بوونیان بە خوێنەر بسەلمێنێ، زۆر بەئاسانی لە بیر کراون، یەك لەوشتانە فایلەکەی باسیمی جەزاییرییە، ئەو فایلەی دالیا سراجەدین پێی ئەسپێرێت‌و ئێمە لە دەیان شوێنی دەقدا باسی گرنگ بونی ئەبیستین ، کەچی لەو کاتەی لەگەڵ سامیری بابلیدا بەسوار دوو ئەسپی خورافییەوە ئەگەرێنەوە بۆ کوردستان ، نوسەر لەبیر ئەکات شتێکی وا گرنگیان لەگەڵەکە لانیکەم بۆ جەلادەت هێندەی دۆزەکەی سامیر بابلی گرنگە...))ل80..

یان نوسیویەتی:(لوکەیشنی 305 لاپەڕەی ئەم کتێبە شاری سلێمانیە، کەچی تەنیا شتێ لەم شارە ئەیزانین ئەوەیە هوتیلێکی دەقاتی تیایە: (هوتیل حەسیب ساڵەح)و پارکی بەرامبەر بەم هوتێلەیەو برێ چێشتخانە و قەیسەرییەی تیاو ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆە, بەم وەسفە گشتییانەوە خوێنەرێکی نائاشنا بە کوردستان لەوانەیە نەتوانێ سلێمانی لەلاس وێگاس یان شارۆچکەیێکی ئێتموپی جیاکاتەوە، پشتکردنی بەرچاوی خوێنەر لە واقیعەکانی ژیانی شارەو لەم دەقەدا کە لانیکەم لە (18000) دێر پێکهاتوە هیچ شتێ لە کەتەنە شاراوەکانی ژیانی ئاڵۆزکاوی شار نابینین‌و هەر هەموو ئەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نوسەر لەسەر دوژمنایەتی کردن لەگەڵ شار، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام هەوڵ ئەدا فەزاێیکی شاری بخوڵقێنێ، هەموو وەسفەکانی ئەم کتێبە لەوەسفی نیگارو مۆسیقاو سروشتەوە بگرە هەتا پیاهەڵدان بەکەسەکان هەر هەموو سیماێیکی لادێی پێ ئەنوێنن) ل ...86.

ئەوەی هەردوو رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم‌و ئێوارەی پەروانە) ی خوێندبێتەوە، گەرچی وانیشاندەدات شارەکە شاری سلێمانیە، بەڵام لەراستی هەردەلێی شارێکی کۆڵۆمبیایە یان شارێکی فەرەنساییە ، رووداوەکان لەگەڵ وەسفی شارەکەدا هەرگیز یەکناگرنەوە، مارکیز لە رۆمانی (سەدساڵ گۆشەگیری)، شاری ماکۆندۆ هەیە کە مارکیز خۆی دەڵێ شاری ئەرکاتاکایەی زێدی خۆیەتی، بەڵام شاری سلێمانی لە (مەرگی تاقانەی دووەم)شارێکی کۆلۆمبیایە ، هەروەها لە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان ) بەشاری ڤینیسیای ئیتالی دەچێت وەکو لەرۆمانی (کەمانچە رەشەکەدا) وەسفی هاتوو:(ڤێنیسیا لەشارێك زیاتر دێتە بەرچاو، خەونێکە و لەناو دەریادا راکشاوە، ڤینیسیا تەنانەت لەوەش جوانترە کە دەمهێنایە پێشچاوی خۆم، شارەکە لە کەشتییەکی گەورە دەچوو بەسەر ئاوی ئەستێرکەکانەوە بلەنگێتەوە، ڤینیسیا شاری تابلۆو کۆشکی جۆراجۆربوو، پڕ لە ئاڵتۆن و زێرو زیو، شارێکە لەبێدەنگی و ئاو، لە ڤینسیادا لەو کەشتییە خۆشڕەوەی نێو خامۆشیدا عاشقانی مۆسیقا زۆر یوون...)... (( کاتێك سوپای فەرەنسا لەشانزدەی مانگی مەی (1797)دا چووە ناو ڤینیسیاوە دەتووت کەسێك تەلیسمی بێدەنگی بەسەر تەواوی شاردا داوە، هەموو لە جێی خۆیاندا جام ببون و لەوە دەچوو لەناو جوانیو بێدەنگی شارەکە هاوارەکانیان لەگەروياندا بەستبێتی یوهانز ، تەنانەت لە بچوکتریت رارەوەکانی شارەکەدا هەستی بە بێدەنگییەك کرد کە زۆر لەمێژبوو هەست پێنەکرد بوو..)ل42.

(تاشەو بە کوچەو کۆڵانەکانی ڤینیسیادا پیاسەمکرد شایی‌و سەما تازە دەستیپێکردبوو، شارەکە هەناسەی جۆش‌و خرۆش‌و شادمانیی هەڵدەکێشا... لەدەمەدەمی ئێوارەدا هەر بەمەبەستی گەڕان بەنێو رێگاوبانە باریکەکاندا بەسەر پردەکاندا پیاسەم دەکردو تاڕادەی سەرمەستی لە جوانییەکانی ئەو شارە نوقم بوم... هەندێ لەسۆزانییە ئۆرستۆکراتەکان بەلامدا تێپەرین)ل102... لەشاری مۆسیقارە سپیەکانیشدا ئاوها باسی شارەکە هاتوە، ((چووتە ناو ئەو شارەوە وەك چوونە بە هەشت وەهابوو شارێك بوو هیچ فریشتەیەکی تیانەبوو ، مرۆڤ خۆی تەنیا

فریشتەی ئەو شارەبوو کە لەدەروازەکان چوون بەودیودا... شارێك بوو وەکو خەون پڕ لە شەقامی ڕۆشن کە هەرگیز خۆر تێیاندا ئاوا نەدەبوو ، پڕ لە کوچەی تەسکیش کەشەویان کۆتایی نەدەهات)) ، من لێرەدا ناڵێم هەردوو شارەکە دەقاودەقن بگرە لەزۆر روو ولایەنەوە بەیەکدەچن ، جوانی و قەشەنگی و بێ وێنەیو خەیاڵی هەردوو شارەکە، هەردوو شارەکە شاری عاشقانو عاشقانی و مۆسیقاو سۆزانین.

یان لە لاپەڕە(88)دا نوسیویەتی(پێشتر سەبارەت بە هەوڵە هەڵەشەکانی نوسەر لەبواری بەرز نرخاندنی ئەو تابلۆیە روایەتیانەی نوسەر ئەیهەوێ لە کراسێکی ئابێسترەدا و بەئیمزای پیکاسۆو ماتیسەوە بیفرۆشێ قسەمانکرد، هەروەها ئەو مۆسیقا شوانییەی ئەیهەوێ لەبری مۆسیقای کلاسیکی رۆژئاوایی بیفرۆشێتەوە، نوسەر لەباتی ئەوەی بەشێوەیەکی پاژنواڕانە باس لەو تابلۆیە بکات وا بەکارێکی جاودانی ئەزانێو هیچ نەبێ هێندەی تابلۆی چاوەکانی بوزورگ عەلەوی پێمانی بناسێنێ، پەنا ئەباتە بەر زمانی وەسف و پیاهەڵدان... خوێنەر تا مەزرۆیە بزانێ ئەو تابلۆیەی کەسەکانی ناو دەقی سەرسامکردوە چۆن تابلۆیەکە شەلاّ نوسەر هەر بە پیاهەڵدان قەناعەتی کردایا بۆ خۆی وەسفی ئەو تابلۆیەی نەکردایا... وەك پێشتر وتم ئەو تابلۆیەی نوسەر ئەیهەوێ وەك شاکارێکی مێژویی بینرخێنێ لە ساکارترین و دواکەوتوانەترین ژانرەکانی نیگارکێشانەو چەندەها سەدەیە هونەری نیگارکێشان دەسبەرداری بووە، کۆی ئەم تابلۆیە هیچ نییە جگە لەو یروسێکی هونەری نیگارکێشانی ئاوانگارد واتە روایەتی...)ل89.

ئەمەی کە لە خوارەوە (شارام) سەبارەت بە ئیشەکەی بەختیار عەلی دەیڵێت کارنەکردەیە و کەسی دیکە ئاوها زۆر ساکارانە نەهاتوەتەی نێو ئیشێکی هونەریەوە مەدح و سەنای توانای چیرۆکنوسینو رۆمانی خۆی بکات:(بەختیار عەلی بۆ بە شاکارکردنی بەرهەمەکەی خۆی لە چەنەها شوێندا قسە بەزمانی کەسێتییەکاتیەوە ئەنێت و ئەیانکانە شاهێدی شاکاربوونی دەقەکەی). ئەوەتا بزانە لە رۆمانەکەدا بەختیار عەلی چۆن وەسفی خۆی دەکات:(پێموابوو هەموو تێکستێکی گەورە هەمیشە کۆمەڵێك دوژمنی گەمژەی هەیە، منیش رۆژێك لە رۆژان لەو نوسەران نەبووم خەڵکی گەمژە بمترسێنن ، بەپێچەوانەوە هێزی خۆم لەوەدا دەبینی کە توانایەکی سەرسوڕهێنەم تێدایە بە پیاوانی بێدەماغ پێبکەنم و لەسەر ئیشکردنی خۆم بەردەوام بم)ل11.

بگرە دیارە کە هیچ فرێکی بەسەر رۆمانو دنیای رۆمانەوەنییە، بگرە جنێوێکە بەختیار بەو کەسانەی دەدا کە بەخراپی یان بەشێوەیەکی تر بە باشی لەسەر ئیشە خراپەکانی ئەویان نوسیوە کە خۆم یەکێکم لەوانە، باشە من پرسیارێك ئاڕاستەی ئەوانە دەکەم کەشاگەشکەی ئەو رومانە بوون بە تایبەتی ئەو برادەرانەی لە دەزگای سەردەم ئیشدەکەن، کام رۆمان ، کام رۆماننوس پەرەگرافی ئەوهای بەکارهێناوە؟ یان کارێکی هونەری کردۆتە گۆڕەپانی بۆ جنێودان بەراستو چەپداو خۆڵکێشان؟( بۆئەوەی تێبگەین پیاهەڵدان بە نوسەرێکی گریمانەی تەنیا هەوڵدانێکی بەختیار عەلییە بۆ خۆ هەڵکشاندنو دەستە وەستاو کردنی خوێنەر لە هەمبەر دەقەکەی) ل92...

یان دەنوسێت لە لاپەڕە(98):(( بە خوێندنەوەی کتێبەکەی بەختیار تێئەگەین زۆربەی کەسێییەکانی ئەم دەقە رێکەوتی یەکتر ئەکەن بۆ پەیوەندیان لەسەر ئەساسی تەنشتێتییە...) من بەم قسەیەدا شتێکی زۆر گرنگی رۆمانی (کەمانچە رەشەکە)م بیرکەوتەوە، ئەویش زۆربەی کەسێتیەکانی رێکەوتی یەکتردەکەن، بۆ نمونە رێکەوتی (یوهانز) بە کەسایەتی قەرەجە کەمانچەژەنەکەوە، یان کاتێك یوهانز لەبەرەی جەنگ بریندار دەبێت لە مەیدانی جەنگا ژنێکی وەکو(شاناز سەلیم) ی لە غەیبەوە بۆ پەیدا دەبێت لەو بیابانە تەپوتۆزەدا رزگاری دەکاتو دەیبات بۆ لای پزیشکێکی سەربازی وێنەی " موسای بابەك" و چارەسەری دەکاتو چاك دەبێتەوەو دەیگوێزنەوە بۆ پشتەوەی بەرەکانی جەنگ و لەوپێش رێکەوتی (ئیراسمۆس)ی مۆسیقازانو کەمانچە سازدەکاتو دەبنە هاوڕێ و ئیدی عەوداڵی یوهانز دەبێت و باس و خواسیان دەبێتە مۆسیقاو عیشقی مۆسیقاو دەبێتە مامۆستای (یوهانز).. دیسان لێرەدا باسی ئەوەش دەکا کە خوێنەر لەم دەقەدا توشی چەندین حیکایەت و چیرۆکی دیکە دەبێت کە پەیوەندی بەکەش وهەوای دەقی رۆمانەکەوە نییەو هیچ کیشەییێکیان لەگەڵ کەسانی دیکەی ناو دەقەکەوە نییە، بۆئەوەی لە تەکنیك و زمانی ئەو کەسایەتیانە تێبگەین، کە زۆربەیان گرفتیان لەگەڵ کەسانی بەر لەدەق و دەرەوەی دەق هەیە، واتا نمونەی دەقێکی نادیالێکتیکییە، ئەو کەسانەی وەکو هاوچەشنە دەبینرێن لە هەموو پێوانەکانی هاوچەشنی دوورنو، هیچ جیاوازیەکیان تیانییە، کەسەکان کۆپیکرای یەکترنو لەبەرەیەکدا یەکدەگرنەوە پێێدەڵێن بەرەی جوانی یان بەرەی ناشیرینی کەسێکی نییە سەر بەئەو بێت:( خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەختیار راست کتێبە شۆڕشگێڕانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بولشویكو قۆناغی خەباتگێریمان بیر ئەخاتەوە، وەك چلۆن لە رۆمانێکی وەکو دایکی ماکسیم گۆرکیدا لەبەرەی شۆڕشگێردا هەموو کەس کۆپی یەکترن و هەویاو خولیاکانیان هاوچەشنە)ل103....

دیاریشە لێرەدا مەبەستی قوتابخانەی ریالیزمی سۆشیالیستیە کە دەقاودەق لە خزمەتی دەسەڵاتی چەپڕەوەکان بوو، و دارشتنەوەی کۆمەڵ و

ئەخلاقی بەمیکانیزمێکی سۆشیالیزمی کە ئەمەیان زوو شکستی خوارد لە سۆڤیەتو وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیزمی ...

(لە دەقەکەی بەختیار عەلیدا لەبەر نەبوونی گەلاڵەو هەروەها مەنتیقێکی جەوهەری لەمەڕ پەیوەندی سازدان هیچ جۆرە وێنا یەك دەستنیشان بکەین، زۆرینەی کەسەکان کاریگەری نییە و لابردنی زۆربەیان دەق توشی هیچ جۆرە گرفتێ ناکات، لەم دەقەدا بەبێ ئەوەی وشەیێکی پەیوەندی دەربخرێتەسەر دەقەکە ئەکرێ زیاتر لە (220) لاپەڕە لابەرین و هیچ گۆڕانی لەکەشو هەوا، کەسێتی دارشتن گەلاڵە وریتم و روخساری دەقەکەدا رونەدات، سەلماندتی ئەم دانراوەیە زۆر ساکارە، تکایە ئەگەر دەقەکەی بەختیارتان لەسەر کۆمپیوتر لەبەر دەستە ئەم دێرانەی خوارەوە کە لەسەر یەك زیاتر لە (220) لاپەڕە ئەگرێتەوە لابەرن، بزانن لە خوێندنەوەی تازەدا هەست بە لاچونی ئەم زیاتر لە (6600) دێرە ئەکەت)ل107.

ئەمە جگە لەوەی دەیان مەنتیقی تەنیشتێتی :(بۆیە ناکرێ دەقێکی وەك ئەمەی بەختیار عەلی بەوە تاوانبار بکەین کە بۆ لە مەنتیقی تەنیشتێتی کەڵکی وەرگرتوە لە رستە بەند دەقێکی دورودرێژدا، بەتایبەت لەوڵاتێکدا کە مەنتیقی شێرکۆ بێکەس سەرتاپا ئەدەب و بەتایبەت شیعری گەناندوە)ل 113.

یان لەباسی لاوازیی پلان بەندی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان ئاوها دەدوێت:(بۆئەوەی لە لاوازییەکانی پلان بەندی ئەم دەقەی بەختیار عەلی باشتر تێبگەت لە نمونە ریالو زەمەنمەندەکاندا بەراوردی بکەن بەدوو رۆمانی ژمینالی ئمیل زۆلا و شەڕو ئاشتی تۆلستۆی و لەبەرهەمە تازەکاندا بەراوردی بکەن بەبڕوا حەقیقییەکانی(ویرجیاولف) بنەماڵەی جولای (نادین گوردیمیر) وقێزی (ژان پول سارتر) لەم نمونەیانەدا هەرچەن زەمەن بەئاڕاستەێیکی دیاریکراویشدا ئەروات، کەچی نوسەرەکانیان بە کەڵك زەرگرتن لە مەنتیقی هاوچەشنی و دژوازانە پلان بەندێیکی وایان داڕشتوە خوێنەر لەرێگەیەوە بەناو فەزاێیکی بەرین و بێ سنوردا ئەگەڕێت ، بەشێوەێیك کە لەژیانی ئاساییدا سەفەری وا مرۆڤ مەگەر خەونی پێوە ببینێ..)ل126.

لێرەدا لەمەڕ پرۆسەی ئەنفالو هەبونی لەنێو رۆمانەکەی بەختیاردا رەخنەگر کۆمەڵێم بۆچون و رەخنەی لێ گرتوە، ئەو دەڵێ ئەو ئەنفالەی دەقەکە بەئێمەی دەناسێنێت بەر لە هەر شتێ جۆرێکە لەسازدانی باوەڕی ئەنفالگەرانە وهۆیەکانی گەڕانۆتەوە بۆ دوو تاقم یەکێکیان تاوانبارو ئەویدیکە بێ تاوان و دەپرسێ ئایا ئەمە بڕیارێکی هونەرمەندانەیە؟ و پێی وایە وەزیفەی ئەدەب ئەوە نییە بەشێك لە مرۆڤ نەگریس بکات وە بەشێکی دیکە بەپیرۆز دابنێت:( بەختیار جگە لەوەی زۆر تاك رەهەندو بەرتەسك روانیویەتیە ئەم پرۆژەیە، هیچ هەوڵێکی بۆ بە ئەدەب کردنی ئەم کارەساتە مێژویە نەداوە، واتە لەروانگەیەکی گشتی نواڕەوە خەریکی خیتابە خوێندن بووگەو لەبڕی ئەوەی لەرێگەی چرکەساتە پڕ ئازارەکانی کەسێتییەکانەوە، لەرێگەی دڵەڕواکیو ترسو مەینەتیەکانی کەسێتییەکانەوە ئەنفالمان پێبناسێنێتو لەو شوێنانەی دەرونمان بدات وا ئەنفال و ئەنفالگەری پاساو ئەدەن و ناچارمان بکات بە خۆماندا بچینەوە، هەوڵئەدات بەرامبەر بەو دەسەلاتەی وا بەرهەمهاتوی دروشمی ئەنفالە دەستەوەستاومان بکات، ئەوەی لە دەقدا ئەیبینین تەنیاو تەنیاو پیاهەڵدانو تێهەڵدانی دووبەرەیە،بەرەی بکوژانی جوانیو ئەنجامدەرانی پرۆژەی ئەنفال و هەروەها بەرەی قوربانییە جوانەکان)ل154.

ئەو دەڵێ ئەم کتێبە دوورودرێژە دێرێك نییە هەڵقولاوی دەق بێت وە دەلالەتی خەڵوەتی بیرکردنەوەی نوسەرەکەی بێت، بگرە زۆربەیان بەتەوەرە سوارەکانی مێژوی جواننانسیو ئەندێشەن و بەختیار بە هەمان ستایلی خۆیانەوە خستونیەتە ناو دەقەکەوە.

(( لێرەدا لەبەر دوو هۆکار واز لە بەراورد کردنی ئەم دەقە لەگەڵ دەقەکانی تر دێنم، یەکەم : رەخنەی بەراوردکارانە لەناو کۆمەڵگایێکی دواکەوتوی وەك کۆمەڵگای کوردی دەرەنجامی پێویست نابەخشێت و راستەوخۆ دوو دەرەنجانی ناهۆشیارانەی فیکە کێشان و داکۆکی دەسبەجێی بەرهەڵستکاران و جنیودانو تورەبونی دەروێشانی لێئەکەوێتەوە، دووەهەم: ئەم دەقەی بەختیار لەڕوی ناوەڕۆك ،ش یۆەو تەکنیکەوە ئەوەندە نارێك و لاوازە دوو کەرەسەی مونتاژ و کولاژیش نەیتوانیوە فریای کەوێن وئەوەی هێناویەتیە نێو دەقەکەیەوە دەقەکەی زیاتر قەڵباندوەو لەئیلتیقات نزیکی کردوەتەوە)ل155. ئەمە جگە لەوەی رەخنەگر هاتوە باسی مەسەلەی جیهانبینیو سۆفیگەری دەکات لە دەقەکەداو دەریخستوە کە نوسەر لەم مەسەلەیەدا دەست سپیەو بەهەڵە لەمەڕ سۆفێگەری دواوە، واتا لە خاڵە نەماوە، یان تەوەر نەماوە لەم رۆمانەدا شکست نەخواردبێتو رۆمانەکەی قەڵبکردووە:(رەنگە ئەگەر بەختیار نەختێ زیاتر لە ئەندێشەی سۆفییانە ورد ببوایاتەوەو مەبەستی لە خوێندنەوە لەم بوارەدا وەڵامدانەوەی کەسێکی وەك(فاروق رەفیق) نەبوایا، وەها دەقەکەی توشی ناکۆکی نەکردایات و بەرهەکەکەی خۆی لە خانەی بەرهەمەکانی بائولو کوئیلوو دیکەی پوپولیستەکاندا بدیایاتەوە کە لەسەر رای گشتی و روبەریی کار ئەکەن و هەوڵەکانیان لەپێناو ئاسانکاری خۆیان و راکێشان و راهێنانی خوێنەری حیماسییە)ل147.

**بێگومان ئەم کتێبە کراوەتە چەند تەوەرەو هەر تەوەرێکیش بەتێروتەسەلەی لەسەری دواوە بە بەڵگە و رونکردنەوەو وەکو رەخنەگرێکی مەوزەعیانە شتەکانی یەکالاکردەوەتەوە وەکو باسی مسەلەی گەلاڵە ، کەسێتی کاری درامایی ، شێوە دەنگ، گۆشەنیگا، کەش‌و هەوا ، رەزم، جیهان بینی ، ئەمە جگە لەوەی هەریەك لەم تەوەرانە کراونەتە چەند تەوەرێکی دیکەوە، ئەم کتێبە(175) لاپەڕەی مامناوەندیە، نوسەر لەدوا دێرەکانی کتێبەکەی بە نوکتەیەك کۆتایی پێهێناوە( پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەختیار بیر نوکتەیێکی تری لای خۆمان کەوتمەوە، رێبوارێ لە کابرایێك ئەپرسێ ئەوە چەم کەسە بۆ لەوێ راوەستاون، کابرا بۆ گاڵتە ئەڵێ گۆشتنی نەزری ئەبەخشنەوە، رێبوار دەستبەجێ هەڵدێ ئەڵێ بۆ وەرگرتنی گۆشتنی نەزری ، پاش ئەوە چەن کەسیتریش بەرەو ئەوێ هەڵدێن، کابرا کە ئەبینێ ئەو ناوە جەنجاڵ ئەبێ گومان و تەماح دائیەگرێت‌و ئەڵێ: نەکا راست بێ..)... ل175. بێگومان ئەم نوکتەیە واتای ئەوەیە کە شارام قەوامی دوا خوێندنەوەی رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی ئیدی بەتەمانەبووە شتێکی دیکەی بەختیار بخوێنێتەوە،چ ونکە گومانی لێی هەیە، بەڵام ئەمجارەش کە ئەو خەڵکە چون بەپیری ئەو کتێبەوەو پێی شاگەشکەبون، وتی با منیش دانیەك بکڕم و بخوێنمەوە، ئەو بوو زۆر بەوردی خوێندیەوە، نەك وەکو ئەوانی دیکە هەر لەلاپەڕەکانی سەرەتاوە لێی وەرزبون و بەکارێکی دەگمەنیان لە قەڵەمدا، بەڵام بۆی دەرکەوت وانییە و کارێکی زۆر ئاست نزمەو وەرگێراویشە...!**

**واتا گۆشتی نەزری فریودانێك بوو هیچی دیکە....**